سەنیگال گەیشتە قەناغی پێش کۆتایی جامی ئەفریقا

لە جامی ئەفریقا سەنیگال بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک بردنەوەی بەسەر سودان بەدەستهێنا و گەیشتە قەناغی پێش کۆتایی.

لە یاریەکەی قەناغی 16ی جامی ئەفریقا، هەردوو هێزاردەی سەنیگال و سودان روبەڕووی یەکتر بوونەوە.

تایمی یەکەم، دوای تێپەڕینی شەش خولەک عامر عەبدوللە گۆڵی پێشکەوتنی سودانی تۆمارکرد، بەڵام سەنیگال بە دوو گۆڵ لە خولەکەکانی 29 و کاتی زیادکراو وەڵامیان دانەوە هەردوو گۆڵکەش پاپی گۆڵی تۆماریکرد و ئەو تایمیان لە بەرژەوەندی خۆیان تەواوکرد.

لە تایمی دووەم، سەنیگال لە ئاستە بەرزەکەی بەردەوامبوو، بەمەش لە خولەکی 77 ئیبراهیم مبای گۆڵی سێیەم و دڵنیایی نوسیەوە.

سەرئەنجام یارییەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە سودی مانۆ و هاوڕێکانی کۆتاییهات، بەم ئەنجامە سێنیگال گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی پاڵەوانێتییەکە و سودان مائناوایی کرد.